# ئێران لە ململانێی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاو یەکێتی سۆڤیێتدا

## (هێرشی 25ی ئابی 1941 بە نموونە)[1]

## توێژینەوەیەکی وەگیراو (موستەل)

پ.ی.د.هاوار کمال میرزا عبداللە
Hawar.mirza@univsul.edu.iq
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو

سەرباز حمەکریم مصطفی
sarbaz.hamakarim94@gmail.com
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو

تأريخ أستلام البحث: ٢٠٢٥/٤/٢١
تأريخ مؤافقة النشر: ٢٠٢٥/٧/٣٠

**پوختە:**

هەر لە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران پێگەیەکی گرنگی بۆ زلهێزەکان هەبوو. بەتایبەت بریتانیا و دواتریش یەکێتی سۆڤیێت چاویان لە چالاکیی ئەڵمانیا بوو لە ئێراندا و بە مەترسی گەورەیان لەسەر بەرژەوەندییەکانیان دەزانی و هۆشدارییان دا بە وەدەرنانیان لە ئێران، بەڵام بێ وەڵام مایەوە، ئەمە سەری بۆ هێرشی سەربازیی بۆ سەر ئێران کێشا، بریتانیا لە باشوور و یەکێتی سۆڤیێت لە باکورەوە. بەو پەلامارە چاوەڕوانکراوە، ئێران کەوتەژێر هەژموونی داگیرکاریی زلهێزەکان و بە شێوەیەکی کاتی هەردوو زلهێز ململانێکانیان وەلانا و بەرژەوەندیی و نەهێشتنی مەترسی ئەڵمانەکان، کۆیکردنەوە. بەڵام بەو هێرشە ئێران بووە چەقی یەکەم ململانێی جەنگی سارد لە دواتردا، کە هەر دوای داگیرکردنی ئێران ئەو ململانێیە بەشێوەیەکی نهێنی دەستیپێکردبووەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی پەیڕەوی لێکراوە. توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر کورتەیەك لە ململانێی هەژمونی بریتانی و سۆڤیێتی لە ئێراندا هەتا 1941، هەرچی تەوەری دووەمە، جەخت کراوەتە سەر پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت ململانێی بەرژەوەندیی بریتانی و یەکێتی سۆڤیێت لە ئێران بەر لە هێرشی ئابی 1941 و لە تەوەری کۆتاییشدا، باس لە ئیران کراوە لە بەردەم هێرشی داگیرکاریی هێزەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت لە 25ی ئابی 1941 و لێکەوتەکانی ئەو هێرشە.

**کلیلە وشە: ئێران، بریتانیا، یەکێتی سۆڤیێت، ململانێی زلهێزەکان لە ئێران، داگیرکردنی ئێران ئەیلولی 1941.**

### پێشەکی

هەر لە دەسپێکی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران بێلایەنی ڕاگەیاند، بەڵام ئەو پێگە هەستیار و گرنگەی هەیبوو، وایکرد لە لایەن زلهێزەکانەوە جێگە بایەخ بێت. لەم ڕووەوە، هەر لە سەرەتای جەنگەوە بریتانیا و دواتریش یەکێتی سۆڤیێت چاویان لەسەر چالاکیی و پرۆسە نهێنییەکانی هەواڵگریی ئەڵمانیا بوو لە ئێراندا، کە بە مەترسی گەورەیان لەسەر بەرژەوەدییە سەربازیی، سیاسیی و ئابوورییەکانیان دەزانی. هەر بۆیە هۆشدارییان دایە ئێران بە سنووردارکردنی چالاکیی

[1] "ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی خوێندکار **(سەرباز حمەکریم مصطفی)** بەناونیشانی **(ململانێی یەکێتی سۆڤیێت و بریتانیا لە ئێراندا (1941-1953) توێژینەوەیەکی مێژوویە)، (بڵاونەکراوە-غیر منشور)".**

ئەڵمانەکان و دواتر وەدەرنانیان لە ئێران. دوای زنجیرەیەك ئاگادارکردنەوە. دواجار لەوبارەیەوە، دوا هۆشدارییان دایە ئێران و گوێنەدان بەو داواکارییە، ملی بۆ هێرشی سەربازیی بۆ سەر ئێران کێشا، بریتانیا لە باشوور و یەکێتی سۆڤیێت لە باکورەوە. بەم جۆرە، ئێران بەو پەلامارە چاوەڕوانکراوە، کەوتەژێر هەژموونی داگیرکاریی زلهێزەکانەوە. ئەمە خاڵی دەستپێکی ململانێیەکی توندی بریتانی-یەکێتی سۆڤیێتی بوو، لە ڕاستیدا قۆناغی داگیرکردنی ئێران وایکرد، بە شێوەیەکی کاتیی هەردوو زلهێز ململانێکانیان وەلانا و بەرژەوەندیی هاوبەش و نەهێشتنی مەترسی ئەڵمانەکان، کۆیکردنەوە.

**یەکەم:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە لە دواتردا لێکەوتەی ئەو هێرشەو خودی داگیرکردنی ئێران و بوونی بە چەقی یەکەم ململانێی جەنگی سارد بوو، کە هەر دوای داگیرکردنی ئێران ئەو ململانێیە بەشێوەیەکی نهێنی دەستپێکردبووەوە.

**دووەم:** ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشکخستنەسەر پاڵنەر و هۆکاری پشت ڕێککەوتنی بریتانی و یەکێتی سۆڤیێتی لە ئێران و وەلانانی ناکۆکییەکانیان بە شێوەیەکی کاتیی، هەروەها پلانی ئەنجامدانی هێرشی سەر ئێران و دابەشکردنی ناوچەی جوگرافیای هەژموونی هەر دەوڵەتێکیان بە شێوەی سەربازیی لە وڵاتە.

**سێیەم:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی بۆ خستنەڕووی فاکتەر و پرۆسە و لێکەوتەکانی هێرشی بریتانی-سۆڤیێتی بۆ سەر ئێران، پەیڕەوی لێکراوە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ئەکادیمی بە زمانی جیاواز. چوارەم: پەیکەری توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر کورتەیەك لە ململانێی نفوزی بریتانیی و یەکێتی سۆڤیێتی لە ئێراندا هەتا 1941، هەرچی تەوەری دووەمە جەخت کراوەتە سەر پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت ململانێی بەرژەوەندیی بریتانی و یەکێتی سۆڤیێت لە ئێران بەر لە هێرشی ئابی 1941 و لە تەوەری کۆتاییشدا باس لە ئێران کراوە لە بەردەم هێرش داگیرکاریی هێزەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت لە 25ی ئاب و لێکەوتەکانی ئەو هێرشە. لە کۆتاییشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێك و بە پوختی خستومانەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: کورتەیەك لە ململانێی نفوزی بریتانی- سۆڤیێتی لە ئێراندا هەتا ١٩٤١:**

هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ململانێ و ناکۆکی ستراتیجی و مێژوویی نێوان ڕوسیا و بریتانیا لە سیستمی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و دەرکەوتنی گۆڕانکاریی لە پێکهێنانی هێزی نێودەوڵەتی، ڕۆڵی چارەنوسسازی لە ململانێ و دواجاریش سازش لە نێوان ئەم دوو زلهێزە لە ئێراندا، هێنایەکایەوە. هەربۆیە دەبینین نفوزی ڕوسیا لە دەرباری قاجاردا، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی تورکمانچای (1828) لە سەردەمی ئاشتی یاخود جیاوگەکان (لە ساڵی 1872 بە دواوە)، ململانێی ئەم دوو زلهێزەی زیاتر کردبوو. دژایەتیکردنی ڕوسیا لە بەرانبەر فراوانبونی نفوز و جیاوگی بریتانییەکان بە تایبەت لە جیاوگی یولیۆس ڕۆیتەر(Julios Reuter) ساڵی (1872) و جیاوگی قۆرخکاریی توتن (1890) و فشاری ڕوسیا بۆ سەر ئێران لە بەرانبەر کشانەوەی لەو جیاوگانە، هێندەی دیکە دەستڕۆیشتویی ڕوسیای لە ئێران زیاتر کرد (عیساوی، 1369: 269).

تایبەتمەندیی پێگەی جوگرافی و ستراتیجی ئێران و دەوڵەمەندیی بە کەرستەی خاو وایکردبوو، وڵاتانی زلهێز نەتوانن ئێران فەرامۆش بکەن، بگرە لەو وڵاتەدا لە هەوڵی فراوانکردنی نفوز و لە ململانێی توندی یەکتردابوون (ولایتی، 1364: 74). بەراورد بە وڵاتانی زلهێزی دیکە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە دواوە ئێران لە بریتانیاوە نزیکتر بوو، ئەمەش

بۆ دەستڕۆیشتوویی و هەژموونی بریتانیا لە هیندستان، کەنداو و هەرسێ ویلایەتی (بەغدا، بەسرە و موصل) دەگەڕایەوە، بە نموونە، باڵادەستی ڕەها بوو بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خوزستان، هەربۆیە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە حکومەتی بریتانیا بێ گوێدانە سەروەریی وڵاتانی دیکە، هەموو ڕێوشوێنێکی سیاسی و سەربازیی پێویست لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا دەگرێتەبەر، ئێران نموونەیەکی دیارە لەم بارەیەوە. (Lenczowski ,1956:17). لە قۆناغی شۆڕشی مەشروتە (1905-1911) لە ئێران، لە سەرەتادا بریتانیا پشتگیریی مەشروتەخوازانی کرد، ئەمەش هەوڵدانێك بوو لە لایەن باڵیۆزخانەی بریتانیاوە لە بەرانبەر دژایەتیکردنی ڕوسیا و نزیکبوونەوەی لە ئامانجی مەشروتەخوازان ( ملك زادە، 1329: 367). لە ڕاستیدا، هاوکاریکردنی بریتانیا بۆ مەشروتەخوازانی ئێران وەك بەشێك لە ململانێ و فشارەکانی بریتانیا بوو بۆ بوون و نفوزی ڕوسیا لە ئێران، بە ئامانجی ناچارکردنی ئەو وڵاتە بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی (ئابی ساڵی1907). هەر بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا، بریتانیا دەستبەرداری هاوکاریکردن و پشتیوانی مەشروتەخوازان بوو، تەنانەت لە قۆناغی دواتردا هاوتەریب لەگەڵ ڕوسیا، دژی مەشروتە وەستایەوە، هەربۆیە لەسەر دەستی هەردوو زلهێزدا شکستی پێهێنرا (رایت، 1357: 35)، هەر لەم ڕووەوە پاش ساڵی 1907، دەستێوەردانەکانی ڕوسیا لە ئێراندا بە بەراورد بە پێشتر بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، تەنانەت ڕوسەکان ئەم ڕێککەوتنامەیان بە دابەشکردنی ڕاستەقینەی ئێران ناوبرد. لە بەرانبەردا بریتانیا ڕەچاوی پاراستنی ڕێککەوتنامەکەی کرد و ڕەزامەند بوو بە سیاسەت و چالاکییەکانی ڕوسیا لە ئێران، هەر ئەمەش وردەوردە باڵادەستی و دەستێوەردانی ڕوسیای لە ئێراندا زیاتر کرد (محمود، 1345: 136). تێبینی دەکەین لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، دیپلۆماتکارە ڕوسەکان ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان لە ئێراندا هەبوو، بە جۆرێك تۆڕێکی فراوانیان لە لایەنگرانیان پێکهێنابوو، کە وەك جێبەجێکاری سیاسەتی هەژمونخوازیی ڕوسیا لە ئێراندا چالاکییان ئەنجامدەدا، دواتریش بەهۆی زۆربوونی ئەفسەرانی باڵیۆزخانەی ڕوسیا لەو وڵاتەدا، دەستیانکرد بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان و سەرکوتکردنی بزوتنەوە ئازادیخوازییە نەتەوایەتییەکان لە ئێراندا (سرافرازی، 1403: 13)، لە بەرانبەر ئەم هەنگاوانەی ڕوسیادا، وەك پەرچەکردارێك بریتانیا لە ڕێگەی دیپلۆماتکارەکانییەوە پشتیوانی بۆ ئێران ڕاگەیاند و دژی فراوانخوازیی و چالاکیی توندوتیژیی و دەستێوەردانەکانی ڕوسیا بوو لەو وڵاتە(کسروی، 1376: 261). هەربۆیە دەبینین لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، تەواوی باکوری ئێران لە ژێر داگیرکاریی و نفوز و چالاکییە سەربازییەکانی روسیادا بوو، کە بە شێوەی بەرچاو زیادیکرد، لە بەرامبەردا بریتانیا هەرچەندە ململانێی ڕوسیای دەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی ئەو دەستێوەردانانەی لە ئێراندا نەکرد، بەو پێیەی بریتانیا لەو قۆناغەدا هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وەك نەوت و پارێزگاریکردن لە ڕێگەی هیندستان دەدا، جیا لە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەك لە دژی فراوانخوازییەکانی ئەڵمانیا (سرافرازی، 1403: 13).

بە ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917، هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنامەکانی نێوان بریتانیا و ڕوسیا لە ئێران لێکەوتەوە، بە تایبەت هەردوو ڕێککەوتنی ساڵی (1907) و (1915)، کە بریتانیا ناوچەکانی باشووری ئێران و ڕوسیاش ناوچەکانی باکووری ئێرانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو. ڕووداوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ململانێ ناوخۆییەکان وایانکرد، ڕوسیا هەتا رادەیەك ڕۆڵ و پێگەی لە ئێراندا کەم ببێتەوە و سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ڕەوشی ناوخۆیی وڵاتەکەی بێت، ئەمە وایکرد بریتانیا لە ڕێگەی ڕێککەوتنامەی (9ی ئابی 1919) کاروبارەکانی ئێران بگرێتەدەست، ئەمە لە کاتێکدا بوو بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە، ڕاوێژکارە بریتانییەکان لە ڕووی سەربازیی و داراییەوە سەرپەرشتی حکومەتی ئێرانیان دەکرد. ئەم

هەنگاوەی بریتانیا نارەزایی سۆڤیێتی بەدوای خۆی هێنا و دژی ئەم ڕێککەوتنامەیە وەستانەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو، نارەزایی گەلی ئێران لە بەرانبەر ڕێکەوتننامەیەکی لەم شێوەیە، کاری سۆڤیێتی ئاسانتر کرد و دواجاریش بووەمایەی ئەوەی ڕێگریی لە مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیە بکات و بریتانیا نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات (نیازمند، 1387: 282).

پاش ئەوەی لە سۆڤیێت ڕەوشی ناوخۆیی جێگیر بوو، لە ئایاری 1920دا هێزی دەریایی وڵاتەکەی چوونە نێو بەندەر ئەنزەلی و جارێکی دیکە باکووری ئێرانیان داگیرکردەوە و پارێزگارییان لە باڵادەستیی و بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران لە بەرانبەر بریتانیادا کرد (احمدی، 1384: 13). سەرەرای ململانێی بریتانیا و سۆڤیێت لە هەندێك هەڵوێست و کاتی هەستیاردا بۆ پاراستنی هەژموون و بەرژەوەندییەکانیان، لە یەکتری نزیك بوونەتەوە. بۆ نموونە، لە کودەتای 22ی شوباتی 1921، لەندەن و مۆسکۆ لە دژی یەکتر گومانەکانیان کەمکردەوە، واتە ململانێی نێوانیان هێوربوونەوەی بەخۆوەبینی، ئەمەش لە ئەنجامی ترسی بریتانیا لە ئێران، کە بکەوێتە بەردەم فراوانخوازیی بیری کۆمۆنیزم. لە لایەکی دیکەوە سۆڤیێتەکان نیگەرانی شکستی شۆڕشەکەیان بوون، هەربۆیە بەربەستی دەرەکی بۆ ئەنجامدانی کودەتا لە ئێران نەما و زەمینەی گونجاو هاتەکایەوە، لەو کاتەدا سەید زیائەدین تەباتەبایی کەسایەتی سیاسی سەرەکی کودەتاکە و لایەنگری بریتانییەکان ڕۆڵی کاریگەری لە هێنانە سەر دەسەڵاتی ڕەزاخان هەبوو، بەم هەنگاوەش بە هاوکاری سۆڤیێت و بریتانیا (لە پێناو پاراستنی جیاوگ و بەرژەوەندییەکانیان لە خاکی ئێران) کۆتایی بە حوکمڕانیی بنەماڵەی قاجار هات و ڕژێمی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی بە ڕێبەرایەتی ڕەزا شا، دامەزرا. بەمەش ململانێی هەریەك لە بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت لە ئێران چووە قۆناغی نوێوە و هەردوولا هەوڵیاندەدا ڕەزاشا بەرەو خۆیان کەمەندکێش بکەن و بەرژەوەندییەکانیان لەو وڵاتەدا بپارێزن و فراوانی بکەن (Abrahamian,1982: 106). حکومەتی بریتانیا لە ماوەی ساڵانی 1930 بەدواوە هاوشێوەی ڕابردوو، یەك سیاسەتی بەرانبەر بە ئێران پەیڕەو نەکرد، لە لایەکەوە سێر پێرسی لۆرێن (Sir Percy Loraine) وەزیر موختاری بریتانیا لە ئێران، بڕوای بە پشتگیریکردنی ڕەزا شا هەبوو، چونکە ڕەزا شا هەوڵی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی دەدا و بریتانیاش دەیویست ئەو پەیوەندییە دۆستایەتییە بپارێزێت، بۆ ئەوەی لە بەرانبەر هەژموون و فراوانخوازیی یەکێتی سۆڤیێت بوەستێتەوە و بتوانێت بەرگریی لە بەرژەوەندیی، بوون و باڵادەستی بریتانیا لە ئێران بکات، لە بەرانبەردا هارۆڵد نێکسن (Harold Nikson) دیپلۆماتکاری بریتانی پێی وابوو، پشێویی ناوخۆیی ئێران و یەکێتی سۆڤیێت دوو مەترسی گرنگ بوون، کە دەبوونە هۆی لاوازیی و شکستی دەسەڵاتی ڕەزا شا و تەنانەت دەسەڵاتی ناوەندگەرایی ڕەزا شای بە مەترسی و پێچەوانەی بەرژەوەندی و پێگەی بریتانیا لە ئێران دەزانی (اصفهانی، 1400: 361). پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت، لە ساڵی 1932دا پاش ئەوەی ڕەزاشا تەیمورتاشی سەرۆك وەزیری ڕاسپارد بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی بریتانیا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە ڕێکەوتننامەی دارسی ( ئەم ڕێککەوتنامەیە پێشتر لە ساڵی 1901 لە نێوان ویلیەم نۆکس دارسی (William Knox D`Arsey) و موزەفەرەدین شا مۆرکرابوو)، چونکە پشکی ئێران لەو ڕێکەوتننامەیەدا زۆر کەم بوو، ئەمەش بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییانەی لە جیهاندا ڕوویاندابوو. هەربۆیە ئەمە بووە مایەی ئەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی 1933 جارێکی دیکە مۆر بکرێتەوە، بەڵام بە مەرجی جیاواز و پشکی ئێران لە لایەن بریتانیاوە لەبەرچاوگیرابوو. لە بەرانبەر ئەم هەنگاوەی بریتانیادا، یەکێتی سۆڤیێت لە 22ی حوزەیرانی 1935 بڕیاریدا بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران لە ڕێگەی باڵیۆزی وڵاتەکەیەوە، بە مەبەستی ڕێکەوتننامە و بەدەستهێنانی نەوتی باکوور و بە تایبەت ناوچەی کەویر خوریان (احمدی، 1384: 60).

بەم شێوەیە دەبینین، بە دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەیلولی ساڵی 1939 ململانێ و ناکۆکییەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤێیت لە ئێران ئاڵۆزتر بوو، هەرچەندە ئەم دوو زلهێزە هەندێك کات لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە خاکی ئەو وڵاتەدا، لێکنزیکبوونەوە لە نێوانیاندا هاتبووەکایەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ساڵی 1940 یەکێتی سۆڤێیت لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا ڕێککەوتنێکی واژۆکرد، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە کاڵا و شمەکی ئەڵمانییەکان لە ڕێگەی یەکێتی سۆڤێیتەوە بۆ ئێران هەنارەدەکران، ئەمەش زیانی بە بەرژەوەندییە ئابووریيەکانی بریتانیا دەگەیاند (پهلوان، 1383: 749)، هەربۆیە دواتر ڕەوتی ڕووداوەکانی جەنگ و فراوانخوازییەکانی ئەڵمانیا و نزیکبوونەوەی لە سنورەکانی سۆڤێیت، بەشێوەیەك بوو کە بووەهۆی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بریتانیا و هاوپەیمانەکانی، هەربۆیە بریتانیا لە پێناو پارێزگاریکردن لە نفوز و ڕێگە بازرگانییەکان (بە تایبەت ئێران و هیندستان)، لە یەکێتی سۆڤێیت نزیکبووەوە.

**تەوەری دووەم: پاڵنەر و هۆکارەکانی ململانێی بەرژەوەندیی بریتانی و یەکێتی سۆڤێیت لە ئێران بەر لە هێرشی ئابی ١٩٤١:**

بە دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەیلولی ساڵی 1939، حکوومەتی ئێران لە بەیاننامەیەکی فەرمیی دا بێلایەنی خۆی لە جەنگەکەدا ڕاگەیاند. مەحمود جەم، سەرۆك وەزیری ئەو کاتی ئێران ئاماژەی بەوەکرد، وڵاتەکەی ململانێ و کێشەی لەگەڵ هیچ یەك لە لایەنە بەشەڕهاتووەکاندا نییە (الهی، 1365: 67). بەم جۆرە ئێران توانی لە ماوەی سەرەتای جەنگدا بێلایەنی خۆی بپارێزێت و پارێزگاریی لە پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ هەردوو بەرەی ناوەند و هاوپەیمانان بکات. بە نموونە، جگە لە بوونی سیاسی و ئابووریی بریتانیا و یەکێتی سۆڤێیت لە ئێراندا، حکومەتی تاران کەرەستەی خاو و بەرهەمی کشتوکاڵی لە ئێرانەوە هەنارەدەی ئەڵمانیا دەکرد (Martin, 1959: 214 ).

تایبەتمەندیی پێگەی جوگرافی و ستراتیجی ئێران و دەوڵەمەندیی بە کەرەستەی خاو وایکردبوو، وڵاتانی زلهێز نەتوانن ئێران فەرامۆش بکەن، بگرە لە هەوڵی فراوانکردنی نفوز و لە ململانێی توندی یەکتردابوون (ولايتی، 1364: 74). بەراورد بە وڵاتانی زلهێزی دیکە، ئێران لە بریتانیاوە نزیکتر بوو، ئەمەش بۆ دەستڕۆیشتوویی و هەژموونی بریتانیا لە هیندستان، کەنداو و عێراق دەگەڕایەوە، بە نموونە، بریتانیا باڵادەستی ڕەها بوو بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خوزستان، هەربۆیە ڕوون بوو، کە حکومەتی بریتانیا بێ گوێدانە سەروەریی وڵاتانی دیکە، هەموو ڕێوشوێنێکی سیاسی و سەربازیی پێویست لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا بگرێتەبەر، ئێران نموونەیەکی دیارە لەم بارەیەوە ( Lenczowski, 1956: 17).

لە 22ی حوزەیرانی 1941 هێزی پیادەی سوپای ئەڵمانیا هێرشی بەرفراوانی خۆی بە درێژایی بەرەی دەریای بەڵتیك هەتا دەریای ڕەش دەستپێکرد و بەرەیەکی فراوانی لە ناوچەکانی سنوری یەکێتیی سۆڤێیت کردەوە و گەیشتە دەروازەکانی مۆسکۆ و ئابلۆقەی لینینگرادیدا (سلمان، 1986: 62) . بە هێرشی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ی هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتی سۆڤێیت بەرەیەکی نوێی جەنگ کرایەوە، کە گۆڕانکاریی سیاسی و سەربازیی گەورەی لێکەوتەوە، چونکە ئەڵمانیا مەبەستی بوو هێرشی فراوان بکاتە سەر کێڵگە نەوتییەکانی قەفقاز و پاشان هێرش بکاتە سەر ئێران و هیندستان. بەئامانجی دەستگرتن بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی لاوازکردن و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و هاوپەیمانەکانی بوو لە ناوچەکە، هەربۆیە ونستۆن چێرچڵ(Winston Churchill)، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ڕایگەیاند، وڵاتی ئێران لە نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤێیتدا ئەڵقەیەکی پەیوەندیی گرنگ و بایەخدارە (مهدوی، 1364:

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

401). ئەمە بۆ خۆی داننانێکی ئاشکرا بوو بەوەی، ئێران لە هەمان کاتدا گۆڕەپانێکی ململانێی نێوانیشیانە. بە نموونە، هەر لە میانەی جەنگ و بەتایبەت دوای داگیرکردنی ئێران، ئەو ململانێیە بە شێوەیەکی ئاشکرا وەدەرکەوت.

بە هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیێت، جەنگ لە سنورەکانی ئێران نزیکبووەوە، لەم قۆناغەدا ململانێی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت گۆڕا بۆ هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە تایبەت لە ئێران، چونکە هەر شکستێکی یەکێتی سۆڤیێت، بە مانای هەڕەشە و مەترسی ڕاستەوخۆ بوو بۆ سەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی بریتانیا لە ناوچەکە، بەتایبەت ئێران کە هاوسنوری سۆڤیێت بوو. هەربۆیە هاوپەیمانان دەستیانکرد بە ناردنی هاوکاریی بۆ یەکێتی سۆڤیێت بۆ بەرگرتن لە کەوتنی، ئەویش لە ڕێگەی هێڵێکی پەیوەندیی ئاسایشەوە، کە لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران و ڕێگریکردن بوو لە داگیرکردنی ناوچە نەوتییەکان لە لایەن ئەڵمانەکانەوە، سەرباری پاراستنی ڕێڕەوی بازرگانی و ڕێگەی هیندستان (پیرنیا، 1379: 102).

هاوپەیمانان بۆ گەیاندنی هاوکارییە سەربازییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیێت پێویستیان بە ڕێگایەکی کورت و پارێزراو بوو، لەمەدا ئێران بژاردەی یەکەم بوو، بەوپێیەی تاڕادەیەکی بەرچاو لە هێرشی ئاسمانیی و پەلاماری ژێردەریاییەکانی ئەڵمانیا دوور بوو. ئەمە جگە لە بوونی هێڵی ئاسنی سەرتاسەری ئێرانیش هۆکار بوو، بتوانرێت پێداویستی پزیشکی و چەك و جبەخانە و کەرەستە جەنگییەکان بە ئاسانی بگەیەندرێتە خاکی یەکێتی سۆڤیێت (سجادی، 1401: 72)، هەربۆیە ونستون چێرچڵ ئاماژە بەوەدەکات کە ئیران ڕێگەی پەیوەندییان بووە بە خاکی سۆڤیێت و ڕێگەی ئاسنی ئێرانیش وەك کورتترین و خێراترین ڕێگە بۆ گەیاندنی کۆمەکی وێنا دەکات، :" بۆ ئێمە زۆر پڕ بایەخ و گرنگ بوو کە لە ڕێگەی ئێرانەوە هێڵی پەیوەندیمان لەگەڵ ڕوسیا[یەکێتی سۆڤیێت]دا هەبێت و ڕێگەی ئاسنی سەرتاسەری ئێران لەوکاتەدا بە تازەیی دروستکرابوو و دەتوانرا وەك خێراترین و کورتترین ڕێگە بۆ گەیشتنی هاوکارییەکان بۆ ڕوسیا[ یەکێتی سۆڤیێت] کەڵکی لێوەربگیرێت"(Churchil, 1955: 475). شایەنی ئاماژەیە هەر لە سەرەتاکانی جەنگەوە بریتانیا پێیوابوو، بوونی پسپۆڕانی ئەڵمانی لە ئێران مەترسی و ئاستەنگی گەورەن لە پەیوەندی نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت (طلوعی، 1372 :377). بە نمونە سێر ڕیدەر بولارد(Sir Reader Bullard) وەزیر موختاری بریتانیا لە تاران لە سەرەتای ساڵی1940دا مەترسی ئەڵمانەکانی زیاتر وێنا کردبوو، کە بە شاراوەیی چالاکی سیاسیی و هەواڵگریی و سەربازیی لە خاکی ئێراندا ئەنجام دەدەن و مەترسی ڕاستەقینەن لەسەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و هاوپەیمانەکانی لەو وڵاتە ( Sir R. Bullard to Mr. Eden, May 1942. E3655/34- F.O. 371/31443.) ، بە نموونە، بە شکستی شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراق (1941) ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕان بۆ ئێران هەڵاتن، جیا لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەڵمانی و لایەنگرانی ئەڵمانیا لە عێراق و خودی ڕەشید عالی بۆ ئێران هەڵاتن و لە تاران پەیوەندییان بە باڵۆزخانەی ئەڵمانیا و ئیتالیا کرد (بولارد، 1363: 109). ئەمە جگە لەوەی بە هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیێت، ژمارەیەك لە ئەڵمانەکان لە یەکێتی سۆڤیێتەوە بۆ ئێران هەڵاتن و بەم شێوازە هێڵی پەیوەندیی گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیێت لە ڕێگەی کەنداو و ئێرانەوە کەوتەبەر هەڕەشە و مەترسی، بە واتایەکی دیکە پردی پەیوەندی کرداریی بریتانی سۆڤیێتی کەوتەبەر مەترسی و ئاڵنگاریی ئەڵمانەکان، ئەم هۆشدارییە لە مەترسی ئەڵمانەکان لە ئێران لە ناوەڕاستی نیسانی 1940دا، بە حکومەتی ئێران گەیەندرابوو (معتضد، 1377: 517). لە هەنگاوێکی دیکەدا بولارد لە تەموزی 1941 چاوی بە عەلی مەنسوری سەرۆك وەزیرانی ئێران کەوت و داوای دەرکردنی ئەڵمانەکانی لە وڵاتەکەی کرد لە ماوەی مانگێکدا، بەڵام ئێران ئەم هۆشداری و ئاگادارکردنەوانەی بە هەند وەرنەگرت.( Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 378, 4 Junel 1941.

.E2852/1682/34- F.O. 371/27199). بە شکستهێنانی فشارە دیپلۆماسییەکان لەم بارەیەوە، بریتانیا پلانی گەمارۆدانی ئابووریی ئێرانی خستەڕوو، بەڵام لەبەر پێویستی بەکارهێنانی بەندەر و ڕێگە و فرۆکەخانەکانی ئێرانی بۆ گەیاندنی هاوکاریی بە یەکێتی سۆڤێت، ترسیان هەبوو فشاری زیاد لە ڕادە ئێران و ئەڵمان بخاتە یەك بەرەوە، هەربۆیە ئەمە مەترسی جدیی هەبوو لەسەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤێت لە ئێران. Sir R. Bullard to Mr. Eden, .( NO: 397, 1 July 1941. E3659/42/34. F.O. 371/27150

لەو کاتەدا کە بریتانیا بیری لەوە کردەوە کە لە ئەنجامی شکستهێنانی هەنگاوە دیپلۆماسییەکانی بۆ ڕازیکردنی ئێران لە دەرکردنی ئەڵمانەکان، ئەوا ڕێگەی گەمارۆی ئابووری بۆ ناچارکردنی ئێران بۆ دەرکردنی ئەڵمانەکان بگرێتەبەر، بەڵام لەوەوەی کە بریتانییەکان ئەوەیان لەبەرچاوگرتبوو، کە ئێران شارێگەی گواستنەوەکانی هاوکارییەکان بوو بۆ یەکێتی سۆڤێت، هەربۆیە پێویستیان بە هاوکاریی حکوومەتی ئێران هەیە، لەم ڕووەوە ئەگەر فشاری ئابووری بخرێتەسەر ئەوا حکوومەتی ئێران لە ژێر فشارەکاندا گریمانەی ئەوەی لێدەکرا، کەوا خواستی سیاسەتی نزیکبوونەوەی ئێران لە ئەڵمانیا و زیادبوونی نفوز و هەژموونی ئەو وڵاتە بێتەکایەوە (احمدی، 1384: 32). هەموو ئەم هەوڵ و تەقەلایانە بوونە هۆی ئەوەی لە 11ی تەمووزی 1941 کۆمیتەی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کابینەی جەنگیی بریتانیا، داوای لە سەرۆکی هێزە هاوبەشەکانی سوپای بریتانیا بکات، پلانی هێرشێکی سەربازیی هاوبەش لە دژی ئێران بە هاوکاریی سوپای یەکێتی سۆڤێت بخاتەبەر لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی حکوومەتی ئێران ناچار بکەن بە دەرکردنی ئەڵمانەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کابینەی جەنگیی بریتانیا، ئەنتۆنی ئایدن (Anthoni Eden)ی وەزیری دەرەوەی بریتانیای ڕاسپارد، هەتا لەگەڵ باڵیۆزی یەکێتی سۆڤێتی لە لەندەن دەربارەی پلانێکی هێرشی سەربازیی هاوبەش لە دژی ئێران گفتوگۆ بکەن بە مەرجی ئەوەی، پرسی پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتی ئێران لەو گفتوگۆیەدا بخرێتەڕوو (ذوقی، 1368: 34)، چونکە بریتانیا دەیزانی لە هەنگاوی یەکەمدا سۆڤێت ناچار نەکرێت لە ئێران بکشێتەوە، دوور نییە ململانێی نێوانیان لە داهاتوودا لەسەر ئێران ملبکێشێت بۆ پێکدادانی دیپلۆماسی و سەربازیی. ڕاستیی قۆناغی دوای جەنگ، ڕاستی ئەم دیدگایەی بریتانیای سەلماند.

حکوومەتی بریتانیا لە کاتی هێرشکردنەسەر ئێران بە هاوبەشی لەگەڵ سەرکردایەتی سۆڤێتدا، ترسی لەوە هەبوو هاوکاریی سوپای سۆڤێتی بۆ دەستێوەردانی سەربازیی لە ئێران، دواتر ئەنجامی خراپی بۆ سەر خاکی ئێران هەبێت و ببێتە هۆی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئێران، چونکە ئەنتۆنی ئایدن دەستێوەردانی سەربازیی بە پێویست لە قەڵەمدابوو، (سپهر، بی تا: 167) هەروەها لە 28ی تەمووزیشدا حکوومەتی سۆڤێتی ئامادەیی خۆی نیشاندا بە بەشداریکردن لە پلانی سەربازیی و هەر هەنگاوێکی دیکەی پێویست کە بگیرێتە بەر لە دژی ئێران بە ئاگاداریی حکوومەتی بریتانیا، هەروەها یەکێتی سۆڤێت ڕەزامەندیی دەربڕی دەربارەی ئەوەی، کە پێش ئەنجامدانی هێرشە سەربازییەکە، یاداشتێکی هاوشێوە وەك دوا هۆشداریی بۆ دەرکردنی ئەڵمانەکان بدەنە حکومەتی ئێران پێش ئەوەی هێرش دەستپێبکەن(معتضد، 1379: 345). لە کۆبوونەوەی ئەنتۆنی ئایدن و ئیڤان میخایلۆڤیچ مایسکی(Michajlovic Ivan Majskij) نوێنەری سیاسی یەکێتی سۆڤێت لە لەندەن ڕێککەوتننامەیەکیان دەربارەی ڕادەستکردنی یادداشتی هاوشێوە بۆ حکومەتی ئێران واژۆ کرد. مایسکی لەم کۆبوونەوەدا ئامادەیی کردارێی یەکێتی سۆڤێتی بۆ دەستپێکردنی هێرشی سەربازیی لە دژی ئێران بە ئایدن ڕاگەیاند و ئاماژەشی بەوەکرد، کە سوپای یەکێتی سۆڤێتی بەبێ بەشداری سوپای بەریتانی هیچ هەنگاوێك نانێت (طلوعی، 1378: 419).

sjh@univsul.edu.iq

دواجار لە 16ی ئابدا هاوکات یاداشتی توند و هەڕەشەئامێزی هاوشێوەی یەکێتی سۆڤێیت و بریتانیا ڕادەستی سەرۆك وەزیری ئێران کرا و لە یادداشتەکەدا حکوومەتی بریتانیا سەرباری ڕێزگرتن لە سیاسەتی بێلایەنی ئێران ڕایگەیاند بە هیچ شێوازیك مەبەستی پێشێلکردنی سەربەخۆیی سیاسی ئێرانی نییە و خواستی ئەوەی هەیە کە سیاسەتی هاوکاریکردن و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئێراندا بپارێزێت و وەدەرنانی ئەڵمانەکان تاکە خواست نەبوو، گەرێنتی کردنی گەیاندنی یارمەتی بە یەکێتی سۆڤێیت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، ئامانجی دواهۆشدارییەکەی بریتانی-سۆڤێیتی بوو بۆ ئێران، هەروەك چێرچل لە بەردم ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد.(Churchil, 1950: 477)

لە 19ی ئابدا ئێران لە وەڵامی یادداشتی بریتانیا، جگە لەوەی ئاماژەی بە ڕۆیشتنی (100) کەسی ئەڵمانی دابوو لە ماوەی مانگێکدا، جەختی لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئەڵمانەکان کردبوو، داوای لە بریتانیا کردبوو لەو بارەیەوە نیگەران نەبێت (Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 581, 21 August 1944. E4927/42/34. F.O. 371/27152.) ، بەڵام بریتانیا و سۆڤێیت وابیریان دەکردەوە، ڕەزا شا لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی هیواهەڵچنین بە سەرکەوتنی ئەڵمانیا بڕیار دەدات. بە نموونە، بولارد جەختی کردبووەوە، ئاڕاستەی سیاسەتی حکومەتی ئێران بە ڕاوێژکاریی ئەڵمانەکان دیاری دەکرا. (پیمائی، 2011: 137) هەربۆیە ڕیدەر بولارد لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: "دواخستنی ڕادەستکردنی ئەڵمانەکانی ناو ئێران بە فەرمانی خودی ڕەزا شا بوو و خواستی پاراستنی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی هەبوو لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا" (بولارد، 1363: 52).

لە ڕاستیدا ئەم بیانووە زیاد لە ڕادە گەورە کرابوو، هەروەك لویس ج. درەیڤۆس (Louis G. Dreyfus Jr.) وەزیر موختاری ئەمریکا لە ئیران لە 19ی ئابی 1941دا لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردبوو کە بریتانییەکان مەترسی هێز و نفوزی ئەڵمانەکان لە ئێراندا وەك بیانوویەك بەکاردەهێنن بۆ داگیرکردنی ئێران(United States: Department of State, Documents on German Foreign Policy 1918-1945, 1964).

وەڵامی ئێران بۆ یادداشتی هاوشێوەی هەردوو حکوومەتی بریتانیا و سۆڤێیت قاییلکەر نەبوو، واتە شکستیهێنانی ڕێگەچارەی فشاری دیپلۆماسی و هەڕەشەی سەربازیی، ئێرانی نەهێنایە ژێرباری داخوازییەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤێیت، هەربۆیە ململانێی ئەو دوو زلهێزەو ئێران ملیکێشا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازیی بۆ سەرخاکی ئێران. لە ئەنجامدا سەرلەبەیانی 25ی ئاب لە کاتژمێر چواری سەرلەبەیانی، هەریەك لە نوێنەرانی سیاسی حکوومەتی سۆڤێیتی و بەریتانیی لە تاران سەردانی ماڵی عەلی مەنسووری سەرۆکوەزیری ئەو کاتەیان کرد و هەر یەکێکیان یادداشتێکیان ڕادەستی کرد و ڕایانگەیاند کەوا هەردوو دەوڵەتەکە هێزی سەربازیی لە دژی ئێران بەکاردەهێنن( Sir R. ؛. E4927/42/34. F.O. 371/27152 Bullard to Mr. Eden, NO: 581, 21 August 1941). لە هەمان ڕۆژدا ڤیچیسلاڤ میخایلۆڤیچ مۆڵۆتۆڤ (Vyacheslav Mikhaylovich Molotov)ی کۆمیساری کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێیت یادداشتێکی ڕادەستی محەمەد ساعید باڵیۆزی ئێران لە مۆسکۆ کرد، کە تێیدا هەوڵیدابوو هۆکارەکانی بڕیاری حکوومەتی یەکێتی سۆڤێیت سەبارەت بە هێرشکردنە سەر ئێران و ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئەو وڵاتە ڕونبکاتەوە.(Fawcett, 1992: 227)

هەرچەند عەلی مەنسور دڵنیاییدا بە جێهێشتنی ئەڵمانەکان لە وڵاتەکەی، بەڵام کات درەنگ بوو بۆ ئەو بەڵێنە. سوپای سۆڤێیت بۆمبارانی ئازەربایجانی کرد و سوپاکەی بەرەو تەبرێز پێشڕەوی کرد. هاوکات هێزی بریتانی لە باشوورەوە بە تایبەت لە

خوزستانەوە هێرشی کرد و شاری ئەهوازی ناوەندی خوزستانی بۆردومانکرد. هاوکات هێزی بریتانی بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ چارلس هارڤی (Charles Harvey) لە هەمان ڕۆژ چووە ئابادان و دوو ڕۆژ دواتر بەرەو ئەهواز جوڵەی پێکرد، ئەم هەنگاوانە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی باشووری ئێران بوو. هێزێکی دیکە لە قەسری شیرینەوە بەرەو کرماشان و دواتر بەرەو قەزوین پێشڕەوییان کرد، هەتا لە قەزوین لەگەڵ سوپای سۆڤیێت یەکبگرن و بەرەو تاران بڕۆن (Field, 1959: 182). هێزی یەکێتی سۆڤیێتیش بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ ئەلیکساندەر نۆڤیکۆف (Alexander Novikov) لە سێ قۆڵەوە چوونە ناو خاکی ئێرانەوە، هێزێکیان لە جەلفا بەرەو تەبریز و هێزێکی دیکەیان لە ئاستاراوە بەرەو بەندەر پەهلەوی و هێزی سێیەمیش لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئێرانەوە لە خۆراسان ڕۆیشتنە نێو خاکی ئێران. هێزی یەکێتی سۆڤیێتی و بریتانی لە 29ی ئاب لە سەحنە(سەحنە: شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای کرماشانە و (55) کم لەم پارێزگایە دوورە و دەکەوێتە ڕێگەی نێوان کرماشان و هەمەدان (نوایی و سلطانی، 1381: 18) پەیوەندییان بە یەکترەوە کرد و لە 31ی ئاب لە قەزوین یەکیانگرت (بهنود، 1374: 37). پاش ئەوەی ڕەزاشا ئاگادارکرایەوە، کە هێزی هاوپەیمانان بوونەتەهۆی مەترسی و هەڕەشە و وا ئێران داگیر دەکەن، دەستبەجێ هەریەکە لە باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیێتی و وەزیر موختاری بریتانی بانگهێشتی کردن و داوای ڕوونکردنەوەی کرد لە ئامانج و مەبەستی هەردوو وڵات لەم هێرشەیان بۆ سەر خاکی ئێران. نوێنەرانی هەردوو وڵات ئاماژەیان بەو یادداشتەیان کرد کە چەند کاتژمێرێك بەر لەوە ڕادەستی سەرۆك وەزیری ئێران کردبوو و ڕەزاشا لەم هێرشە ناکاوە زۆر نیگەران بوو، کە هاوپەیمانان بۆ سەر وڵاتەکەی ئەنجامیان داوە ( روزنامه اطلاعات، شماره (4458)، 3 شهریور 1320). لەسەر بانگهێشتی ڕەزاشا، عەلی مەنسووری سەرۆك وەزیران کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای میللی کرا و تێدا ڕوونکردنەوەیدا دەربارەی ئەو ڕاپۆرت و ڕووداو و یادداشتانەی هەردوو وڵات ئاراستەی ئێرانیان کردبوو، دواجاریش پاش ئەوەی عەلی مەنسوور دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی محەمەد عەلی فەروغی لە 27ی ئابدا پێکهێنرا (مدنی، 1387: 263).

پاش پێکهێنانی کابینەکەی، محەمەد عەلی فەروغی هەوڵیدا چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامبدات. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین چالاکیی دیپلۆماسی ئەنجامدرا هەر لەو کاتەدا لە لەندەن وەزیر موختاری ئێران چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئایدنی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا ئەنجامدا لە هەمان کاتیشدا وەزیر موختاری ئێران لە واشینتۆن سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکای کرد و تێیدا داوای کرد نێوەندگیری لە نێوان هاوپەیمانان و ئێراندا بکەن (یزدی، 1392: 3). هەر لەم سەروبەندەشدا دەربارەی ئەم بابەتە ڕەزاشا تێلیگرافێکی بۆ فراکلین دیلانۆ ڕۆزفێڵت(Franklin Delano Roosevelt)ی سەرۆکی ئەمریکا نارد و داوایکرد لەم پرسەدا نێوەندگیریی و هاوکاری ئێران بکات، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا بە مەبەست وەڵامدانەوەکەی دواخست بۆ ئەوەی هێزی هاوپەیمانان کاتی پێویستیان لەبەردەستدا بێت بۆ ئامادەکاریی و گەیشتنە خواست و ئامانجەکانیان، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ڕەزا شا وەڵامێکی ئەرێنی ئەوتۆی لە ئەمریکا دەستنەکەوێت. هەربۆیە حکومەتی نوێی ئێران بە ناچاریی یادداشتی ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکەی لەگەڵ بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت ئاڵوگۆڕ کرد. ئەم داگیرکردنەی ئێران قۆناغێکی لە پەیوەندیی و هەماهەنگی بریتانی-سۆڤیێتی هێنایەکایەوە کە جیاواز بوو لە پێشتر، ئیدی هەریەك لەو دوو وڵاتە بە وردیی چاودێریی جموجوڵ و چالاکیی سیاسی و سەربازیی یەکتر و هەماهەنگی لەگەڵ سیاسی، هۆز و کەسایەتییەکانی ئێران دەکرد(جمهوری، 1389: 12).

لە ئەنجامدا لە 30ی ئاب نوێنەرایەتی بریتانیا و ئێران لەگەڵ سەرۆك وەزیر و وەزیری دەرەوە لە تاران کۆبوونەوە و جەختیان کردەوە هیچ پلانێکیان دژی سەربەخۆیی و داگیرکردنی ئێران نییە (معتضد، 1388: 350)، بگرە ئەو هەنگاوەیان

لەبەرچاونەگرتنی داوای بریتانی- سۆڤیێتی یە لە ئێران و مەترسی دروستکردن بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران (نیازمند، 1387: 438).

لەو میانەیەدا نوێنەرایەتی سیاسی سۆڤیێتی و بریتانی چەند داواکارییەکیان ئاراستەی ئێران کرد، کە خۆی دەبینییەوە لە پاشەکشێی هێزەکانی ئێران لە ناوچەکانی باکوور و خۆرهەڵات کە لە (خانەقین، کرماشان، خورەم ئاباد، مسجد سلێمان، هەفت گول و گەچسەران)ەوە بەرەو کەنداو پاشەکشە بکەن و لە باکووریشەوە هێزەکانی ئیران پێویست بوو لە (شنۆ، حەیدەر ئاباد، میاندواو، زەنجان، قەزوین، بابۆل و عەلی ئاباد) بکشێنەوە و ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی کاتیی لە لایەن هێزەکانی بریتانی سۆڤیێتیەوە داگیردەکرێن ( استوارت، 1371: 218)، هەروەها دەرکردنی تەواوی ئەڵمانییەکان جگە لە ئەندامانی باڵیۆزخانە کە نوینەرایەتی یەکێتی سۆڤییت و بریتانیای لێ ئاگادار بکرێت و ڕێگەش نەدرێت ئەڵمانەکان جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ئێران ( ذوقی، 1368: 50)، سەرەڕای ئەوەی پێویستە ئێران ڕێگری لە گواستنەوەی پێداویستی و کەرەستەی جەنگی لە خاکی وڵاتەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیێت نەکات. لە کۆتاییشدا هەردوو وڵات بەڵێنی پاراستنی مافی ئێرانیان دا لە نەوت و ئاسانکاریی بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییە ئابوورییەکان و ڕاگرتنی پێشڕەوی هێزەکانیان (اطلاعات، شماره 3413، 18 شهریور 1320).

لە 31ی ئابیشدا وەزیر موختاری بریتانیا یادداشتێکی دیکەی ڕادەستی حکومەتی ئێران کرد، کە تێیدا داوای لە ئێران کردبوو، تاوەکو تێکڕای ئەڵمانییەکان جگە لەوانەی ئەندامی ڕاستەقینەی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیان لە بری دەرکردنیان لە وڵاتی ئێران، کە لە یاداشتی ڕۆژی پێشتردا ئاماژەیان پێکردبوو، بەڵکو ڕادەستی نوێنەری سیاسی بریتانیا یاخود یەکێتی سۆڤیێتی بکات. حکومەتی ئێران لە یاداشتێکدا کە بۆ نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی ناردبوو، وەڵامی دانەوە کە تەنها بە ئاماژەدان بە یاداشتی 30ی ئاب بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێتی، سەرباری ئەوەی کە هەموو مەرجەکانی هەردوو وڵاتی پەسەند کردبوو، هاوکات داوای هەندێك لە گۆڕانکاریی و چاکسازیی لە خواست و داواکارییەکانی هاوپەیمانان کردبوو، ئەمەش زیاتر خۆی دەبینییەوە لە پرسی ئەو ناوچانەی دەبوو داگیربکرێن لە لایەن هێزی سەربازیی هەردوو وڵاتەوە کە بتوانرێت ناوچەیەکی کەمتر لەوەی ئەوان ئاماژەیان پێکردووە، دەستبەسەردابگرن (Mr. Eden to Sir R. Bullard, NO: 585, 28 August 1941. E5114/42/3326/34- F.O. 371/27208). لە ڕۆژی دواتردا حکومەتی ئێران داوای کردبوو بەشی باشووری سنوری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بە جۆرێك بێت کە شارەکانی خورەم ئاباد و دیزفول لە ناوچەی داگیرکاریی بریتانیا دەربهێنرێت و لە باکووری وڵاتیش شارەکانی قەزوین، سمنان و شاهرود لە دەستی هێزی یەکێتی سۆڤیێت دەربهێنرێت. بە مانایەکی دیکە ئەو ناوچانە بەشێك نەبن لە داگیرکاریی ئەو دوو وڵاتە (اطلاعات، شماره (3413)، 18 شهریور 1320) .

لەگەڵ ئەوەشدا لەو ناوچانەی دیکە کە لە ژێر دەستی هێزی بریتانی و سۆڤیێتیدان ئاسایشی گەلی ئێران پارێزراو بێت و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ئازادانە و سەربەخۆیانە بێت. جیا لەمە ئەرکی هێزەکانی هەردوو وڵات لەسەر حکومەتی ئیران نەبێت و لە پێناو و بە مەبەستی ڕێگریکردن لە شەڕ و ئاڵۆزیی، هەردوولا بەڵێن بدەن هێزەکانیان پەیوەندیی لەگەڵ دانیشتوانی شارە داگیرکراوەکان نەبێت. (اطلاعات، شماره (3413)، 18 شهریور 1320)، چونکە حکومەتی ئێران ترسی هەبوو، خەڵکی ئەو ناوچانە لە لایەن هێزی یەکێتی سۆڤیێت و بریتانیاوە دژ بە حکومەتی ئێران بەکاربهێنرێن، لە ڕاستیشدا ئەم مەترسییە جدیی بوو، کە دواتر لە بابەتی کورد و ئازەردا بەرجەستە بوو. لە هەمان کات ئێران ڕەزامەندە بە فەراهەم کردنی ئازادی خاکی وڵاتەکەی وەك ترانزێت بۆ سۆڤیێت، سەرباری ئەوەی حکومەتی ئێران چاوی لە بەڵێنی گەیاندنی هاوکارییە ئابوورییەکان بوو بۆ وڵاتەکەی هەروەك داوای قەرەبووی زیانەکانی سوپاکەی

کردەوە، بە تایبەت گەڕانەوەی ئەو چەکانەی دەستیان بەسەردا گیرابوو( F.O,1,634 .-E5241/42/3326/34 . 371/27209 Sir R. Bullard to Mr. Eden, September 1941).

**تەوەری سێیەم: ئێران لە بەردەم هێرشی داگیرکاریی بریتانیا سۆڤیێتی دا لە ئەیلولی 1941 و لێکەوتەکانی:**

لە درێژەی فشارەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی 5ی ئەیلوولدا باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران یادداشتێکی دیکەی ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کرد، کە تێیدا داوای زیاتری لە ئێران کردبوو، کە هەریەك لە باڵیۆزخانەی وڵاتانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، مەجەر و ڕۆمانیا دابخرێن و هاوڵاتیانی حکومەتی ئیتالیا، بولگاریا و ڕۆمانیاش لە خاکی ئێران نەمێنن (ایوانف، 1356: 96). ڕۆژنامە بریتانییەکان بە ڕاشکاوانە داوایان لە حکومەتی وڵاتەکەیان کردبوو فشاری زیاتر بخەنەسەر حکومەتی ئێران، لە هەمان کاتیشدا ڕیدەر بولاردیش ئاگاداری ئەو ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەی ئێران بوو و خواستی زیاتر و ڕۆژانە داواکاریی زۆرتری دەخستە بەردەم حکومەتی ئێران. بولارد پێیوابوو، کە لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا ئەگەر حکومەت و کابینەی نوێی ئێران دەستلەکاربکێشێتەوە، ئەوا ئیدی مەحاڵە بتوانرێت سیاسەتمەدارێك بدۆزرێتەوە کە ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتێکی دیکە لە ئەستۆ بگرێت. (Mr. Eden to Sir R. Bullard, NO: 612, 2 September 1941. E5249/42/3326/34- F.O. 371/27209.)، هەربۆیە لەم ڕووەوە بە فەرمانی حکومەتی بریتانیا ڕیدەر بولارد بیرخستنەوەیەکی بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران نارد، کە تیایدا ئاماژە بەوە کرابوو، پێویستە داواکارییەکانیان هەتا ڕۆژی 7ی ئەیلوول جێبەجێ بکرێن .(Mr. Eden to Sir R. Bullard, NO: 626, 4 September 1941. E5320/3326/34- F.O 371/27210.)

لە کۆتاییشدا لە ڕۆژی 6ی ئەیلوول سێیەمین یادداشتی هەردوو وڵاتی سۆڤیێتی و بەریتانی ڕادەستی حکوومەتی ئێران کرا، لەسەر بنەمای ئەوەی پێویستە باڵیۆزخانەی هێزەکانی ناوەند تەنانەت بولگاریاش دابخات، بەڵام یەکێتی سۆڤیێت داوای داخستنی باڵیۆزخانەی بولگاریای نەکردبوو(Upton, 1970: 57) . لە 9ی ئەیلولدا ئەنتۆنی ئایدن بانگهێشی مایسکی نوێنەری سیاسی سۆڤیێتی لە لەندەن کرد تاوەکو چاوی پێبیکەوێت و دەربارەی پرسی ئێران گفتوگۆ بکەن و ئەوە ڕوونبێتەوە، کە ئایا پێویستە هێزی هەردوو وڵات بۆ داگیرکردنی تاران ڕەوانە بکرێت یاخود نا ؟. لە درێژەی گفتوگۆکەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، بەهۆی ئەوەی خودی ڕەزا شا لەگەڵ داواکارییەکانی هەردوو دەوڵەتدا ناکۆکە و دژایەتی دەکات، هەربۆیە باشتر وایە بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی ئەنجامدانی کودەتایەك بۆ سیاسەتمەدارانی ئێرانی، هێزی سەربازیی هەردوو وڵات بەرەو تاران جووڵەیان پێبکرێت، هەتا بتوانن جێگەی ڕەزا شا بگرنەوە (امینی، 1382، 291).

هەر لەم کاتەدا حکومەتی ئێران ڕەزامەندبوونی تەواوەتی حکومەت لە بەرانبەر داواکاریی هاوپەیمانان ڕاگەیاند و ئەم وەڵامە گەیشتە لەندەن، هەربۆیە پێویستبوو دەربارەی پلانی هێرشکردن و داگیرکردنی تاران پێداچوونەوەی پێدابکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە ٩ی ئەیلولدا تێلیگرافێك ئاراستەی بولارد لە تاران کرا و پێی ڕاگەیاندرا، کە خۆیان بە دووربگرن لە جوڵاندنی هێزی سەربازیی هەردوو وڵات بۆ چوونە ناو تاران (امینی، 1382: 291) . سەرباری ئەوەی حکومەتی بریتانیا بەمەبەستی دەستڕاگەیشتنی بە خواستەکانی و هێنانەکایەی پێویستییە سەربازییەکانی خۆی، ئێرانی خستەژێر فشارەوە و لە هەمان کاتدا داوایکرد، حکومەتێکی بەهێز لە تاران بێتەکایەوە و بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات. هەروەك چێرچل بەهیوابوو ستراتیجی پارێزگاریی لە دۆستایەتی خەڵکی ئێران و پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و ناوچە ستراتیجییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت بتوانن لە ڕێگەی کەنداوەوە ئێران و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە بپارێزن (اطلاعات، شمارە

(992)، 19 شهریور 1320). نارازیبوون و نەبوونی متمانە و دڵنیایی بریتانییەکان بە ڕەزاشا، خۆبەدەستەوەنەدانی ڕەزاشا لە بەرامبەر داواکاری هاوپەیمانان، حکومەتی بریتانیای گەیاندە ئەو بڕوایەی، ڕەزاشا پێویستە دەستلەکاربکێشێتەوە، بە تایبەت ئەوەی کە وەزیری موختاری بریتانیا لە تاران پێیوابوو، ناتوانرێت هیچ کارێك بۆ ڕەزاشا بکرێت. مایسکی نوێنەری سیاسی سۆڤیێتیش لە لەندەن بە ئاشکرا ڕایگەیاند، ڕاوبۆچوونی حکومەتی سۆڤیێتیش لەسەرئەوەیە، هەرچی زووترە ڕەزاشا لەسەرکار لابرێت (.Abrahamian, 1982: 71). حکومەتی بریتانیا بەمەبەستی دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزاشا لە دەسەڵات نەیدەتوانی کەڵك لە ڕێگەچارەی سیاسی و سەربازیی وەربگرێت، هەربۆیە لەو هەلومەرجەدا بیریان لە ئەنجامدانی کودەتا نەدەکردەوە و هێنانەکایەی هەر جۆرە لە ئاڵۆزیی و پشێویی سیاسیی و سەربازیی لە سنووری هاوپەیمانان نەبوو. هەربۆیە حکومەتی بریتانیا بڕیاریدا بەمەبەستی لادانی ڕەزاشا سوود لە فشاری دیپلۆماسی و هێزی سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێتی و هێزی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە وەربگرێت(طلوعی، 1380: 158).

بۆ ئەم مەبەستەش لە 8ی ئەیلولی 1941 و کۆمیتەی بەرگریی وەزارەتی جەنگیی بریتانیا بڕیاریدا. بەهۆی ئەوەی ڕەزاشا بەرپرسی سیاسەتی ئێرانە و ئەو دۆخە ئاڵۆز و پشێوییەی بەدوای خۆیدا هێناوە، پێویستە لەسەرکار لابرێت. هەر لەم کۆبوونەیەشدا ئەنتونی ئایدن پێشنیاریکرد هێزی سەربازیی بەریتانی و سۆڤیێتی و بە مەبەستی داگیرکردنی پایتەخت بەرەو تاران جوڵەیان پێبکرێت(طلوعی، 1380: 158). سەرباری ئەوەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا بڕیایدا، لە دژی ڕەزاشا چەند بابەتێك لە گۆڤار، ڕۆژنامە و هەواڵەکانیاندا بە زمانی فارسی، بەتایبەت لە ڕادیۆشدا پەخشبکرێت و ئەو بابەت و گفتوگۆیانە سەرەتا لە ڕادیۆی (BBC)یدا باسکردن بوو دەربارەی حکومەتی دیموکراسی و یاسای بنەڕەتی و (BBC)فەرمانی پێکرابوو، سەرباری هاندانی خەڵکی ئێران، ئەوا دووبارە ئاماژە بە هەنگاو و سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی ڕەزاشا بکات و ڕای گشتی گەلی ئێران و بەتایبەت خەڵکی تاران لە دژی بوروژێنێت و ئامانج لە پەخشی ئەم بەرنامانە، لاوازکردنی پێگەی ڕەزاشا بوو. هەربۆیە دواخستنی ڕادەستکردنی ئەڵمانەکانی ناو ئێران بە فەرمانی خودی ڕەزا شا بوو و هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی دەدا لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا (بولارد، 1364: 52). لە 12ی ئەیلولیشدا (BBC) لە بەرنامەیەکی هەواڵی خۆیدا ئاماژەی بەم پرسە کرد کە ڕای گشتی گەلی ئێران لە داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن هێزی سەربازی هاوپەیمانانەوە بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و گەیشتن بە یاسای بنەڕەتی دەزانن. لە ڕۆژی 14ی ئەیلولیشدا ڕۆژنامەی (TIMES) و ڕادیۆی (LONDON) و (DELHI)یش لەمبارەیەوە نووسی، کە حکومەتی بریتانیا لەو ئاژاوە و پشێوییەی کە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی ڕژێم لە تاران هاتووەتە پێشەوە، هیچ گومان و دڵەڕاوکێیەکی نییە، ڕادیۆی لەندەنیش لە بەرنامە فارسییەکانیدا بە بەردەوامی لە دژی ڕەزاشا وتاری توند پەخش دەکرد (ذوقی، 1368: 57). لە لایەکی دیکەوە یەکێتی سۆڤیێت بە هۆی ڕاگەیەندراوەکانیان بە زمانی فارسی، کە لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانیانەوە بەسەر شارەکانی باکوری ئێرانەوە دەیانخستە خوارەوە، کە تێیدا ڕەخنەیان لە ڕەزاشا گرتبوو، هێرش و ڕەخنەگرتنی سۆڤیێتییەکان بۆ ڕەزاشا، زیاتر لە هاوکاریی ڕەزاشا لەگەڵ ئەڵمانەکان سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام ڕادیۆی (BBC) لەگەڵ ئەوەی فشاری ڕاگەیاندنی خۆی زیاتر لەسەر پرسی گەندەڵی دارایی ڕەزاشا و کڕینی موڵك و زەوی کشتوکاڵی خەڵکی باکووری ئێران بوو، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی، ڕەزاشا بە توندیی لە لایەن ئەم پڕوپاگەندە و هەواڵانەوە پێگەکەی تەواو لاواز ببێت، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە وەزیر موختاری بریتانیا کرد بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵانە لە لایەن وڵاتەکەیەوە ڕابگیرێت (طلوعی، 1380: 159).

ئەنجامی ئەم هەواڵانە بە خواستی حکومەتی بریتانیا بوو و گەلی ئێرانی وروژاند و ڕەزا شا جەماوەری نەما، تەنانەت ئەو کەسانەشی لە دەستدا کە خۆی بۆ پەرلەمان دیاریی کردبوون (عاقلی، 1379: 332). لە لایەکی دیکەوە هەواڵی گەیشتنی هێزی سەربازیی سۆڤیێتی لە قەزوینەوە بەرەو پایتەخت بڵاوبووەوە و هێزی بریتانییەکانیش بە خێرایی لە تاران نزیك بوونەوە و داوایانکردبوو ڕەزاشا دەستبەرداری دەسەڵات بێت و لە بەرژەوەندی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی کوڕی دەستلەکاربکێشێتەوە، ئەم ڕەوشە لە پاڵ دژایەتیکردنی گەلی ئێران و بەتایبەت شاری تاران لە دژی ڕەزاشا، هیچ ڕێگەیەکی وەها بۆ شا نەمایەوە جگە لە دەستبەرداربوون لە دەسەڵات (طلوعی، 1371: 133).

لە 13ی ئەیلولدا بریتانیا فەرمانی کرد بە جەنەڕاڵ ئارسەر وەیڤڵ (Arthur Wavel) پاش ئەوەی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیێتی لە ئێران پلانەکانیان بە هەماهەنگی یەکدی ڕێکخستبوو، هێزەکەی بەرەو تاران بجوڵێنێت. هێزی بەریتانی و سۆڤیێتی لە 15ی ئەیلولدا گەیشتنە دەوروبەری شاری تاران و هێزەکانی بەریتانی لە باشوور و هێزی سۆڤیێت لە سێ ئاراستەی دیکەوە هێزەکانیان لە پایتەخت جێگیرکرا، پاشان هێزی سۆڤیێتی لە بنکە سەربازییەکانی ئەشهەد ئاباد و باخشە جێگیرکران و هێزی بریتانیاش لە شەقامەکانی ژاڵە و بەهارستانی شاری تاران جێگیرکران (ذوقی، 1368: 58). کاتێك ڕەزاشا گوێبیستی هەواڵی گەمارۆدان و هەڕەشەکردن لە داگیرکردنی تارانی پایتەخت بوو، ناچار بوو بە ڕاوێژ لەگەڵ عەلی فەروغی سەرۆك وەزیر کۆبێتەوە (استوارت، 1370: 234). ناچار لە 16ی ئەیلولی ساڵی 1941 ڕەزا شا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و کورسی دەسەڵاتی بۆ محەمەدی کوڕە گەورەی جێهێشت. (Abrahamian, 2008: 97)

بەم جۆرە ئەو ناوچانەی بریتانییەکان لە باکوور بەرەو خۆرئاوا و باشووری ئێراندا داگیریان کردبوو جگە لەوانەی پێشتر کە ئاماژەی پێدرا، هەریەك لە هەمەدان و وسوڵتان ئاباد بوونە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بریتانییەکان، بەڵام پاش داگیرکردنی تاران ئەم ناوچانە لە لایەن هێزەکانی بریتانیاوە چۆڵکران. ناوچەی داگیرکراوی هێزەکانی سۆڤیێتی جگە لەو ماوەیەی کە لە تاران بوون، لە باکوورەوە هێڵێك کە لە شنۆوە بۆ زەنجان، قەزوین و دواتریش بەرەو باکوور هەتا بابۆل، سمنان، شاهرود و عەلی ئاباد لە سنووری ئەفغانستان درێژدەبووەوە، جیا لەوەی یەکێتی سۆڤیێت بەشێوەی زارەکی داوای لە ئێران کردبوو، بە هۆی ئەوەی شاری مەشهەد لە لایەن ئەوانەوە داگیرنەکراوە، هەربۆیە ژمارەیەك لە فڕۆکەی سەربازیی و هێزی پیادە بە مەبەستی پاراستنی فڕۆکە جەنگییەکانیان لە دەرەوەی ئەو شارە جێگیربکرێن(ذوقی، 1368: 110).

فشاری دیپلۆماسی و هێزی گەورە و کاریگەریی ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی بریتانیا لە دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزاشا بێ کەموکورتی نەبوو، هەروەك باسیل نیکیتین کونسوڵی پێشووی سۆڤیێت لە تاران ئاماژە بەوە دەکات، لادانی ڕەزا شا جۆرێك لە تۆڵەسەندنەوە بوو لە دیپلۆماسییەتی بریتانیا، چونکە ئەم دیپلۆماسییەتە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی بیست ساڵی ڕەزاشادا، بەردەوام ڕووبەڕووی شکست بووەوە (نیکیتین، 1356: 25). هەر ئەمەش بوو وایکرد، ڕیدەر بولارد ئاماژە بەوە بکات، کە ڕای گشتی لەسەر دوورخستنەوەی ڕەزا شا بوو لە لایەن هاوپەیمانانەوە، چونکە ڕەزا شا دەیویست نفوزی سۆڤیێت و بریتانیا لە وڵاتەکەیدا کەمبکاتەوە بە بەرقەرارکردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ هێزێکی سێیەم و بەمەش هاوسەنگی هێز لە وڵاتەکەیدا بپارێزێت(Bullard, 1981: 135) . دانانی محەمەد رەزا شا ڕەزامەندیی هاوپەیمانانی لەسەر بوو، هەروەها لەگەڵ یاسای بنەڕەتی ئێراندا یەکیدەگرتەوە. هێزی هاوپەیمانان و بە تایبەت بریتانیا بەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی هاتبووەپێشەوە ڕەزامەند بوون، بەتایبەت شای نوێ کاتێك کاروباری وڵاتی گرتەدەست، دڵنیایی دایە وڵاتانی هاوپەیمان کە هاوکار و یارمەتیدەریان دەبێت (Abrahamian, 1982: 170) . هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوون، کە

پێشڕەویی هێزی هاوپەیمانان، بە تایبەت سەربازانی سوپای یەکێتی سۆڤییەت بە ئاراستەی تاران، گەلی ئێران و بە تایبەت دانیشتووانی پایتەختی نیگەران و هەراسان کرد و بووەهۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دوو دڵیی و ئەم هەڵمەتە بە شکستی وڵاتەکەیان و سووکایەتیکردن بە خۆیان ببینن و هەرئەمەش ناو و ناوبانگی بریتانییەکانی لە ئێران بێزراو کرد. گەلی ئێران حکومەتی بریتانیایان بە هۆکاری داگیرکردنی خاك و نیشتمانەکەیان لە لایەن سوپای یەکێتی سۆڤییەت و هێزی بریتانییەکانەوە دەزانی. سەرباری ئەوەی ئەڵمانەکان پروپاگەندە و بانگەشەی تایبەتیان بە پەخشی ڕۆژانەی بەرنامەکانیان بە زمانی فارسی لە دەنگی ئەڵمانیا کە لە بەرلینەوە پەخش دەکرا، ئەم نارەزایەتی و ئەم دیمەنانەی بۆ دەگواستنەوە و بە شێوەیەکی گشتی لەنێو خەڵکی ئێرانیشدا بڵاوبووەوە، کە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو هەر پشێوییەکی سیاسی، ئابووری و سەربازیی و هەر جۆرە سیاسەتێکی ناشایستە، دەیانگەڕاندەوە بۆ بریتانییەکان و حکومەتی بریتانیاش ئاگاداری ئەم بابەتە بوون (ذوقی، 1368: 110).

هەرچەندە ڕادیۆ و پڕوپاگەندەی بەریتانی و سۆڤیێتی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، پاش لادانی ڕەزاشا و هاتنەسەر دەسەڵاتی محەمەدی کوڕی، ئەوا دڵنیاییان دەدایە گەلی ئێران بەوەی، وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد و حکومەتێکی خاوەنی یاسا و دیموکراسییان دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی بانگەشەی هەردوو وڵاتی هاوپەیمانەوە، بوونی هێزی بەریتانی و سەربازانی سۆڤیێتی لە ئێران بەو واتایە بوو، کە هیچ نیشانەیەك لە سەربەخۆیی ئێران و پاراستنی خاکەکەیدا نییە و حکومەتی تاران، تەنانەت هێز و سەربەخۆیی ئەوەشی نەبوو، هەتا لە ئیالەت و ویلایەتەکانی وڵاتەکەیدا ئاسایش و ئارامیی و جێبەجێ کردنی یاسای تێدا فەراهەم بکات، ئەمە وێڕای بڵاوبوونەوەی برسێتی و هاتنەکایەی قەیرانی نانی بەدوای خۆیدا هێنا (نجفی، 1370: 13). سەرباری ئەوەی بەرپرسە سەربازییەکانی یەکێتی سۆڤیێتی لە ئێران پۆلیسی شارەکان و کەسانی سەربازییان لە ناوچە داگیرکراوەکانیان چەك دەکرد و بە هێنانەکایەی پشێویی و ئاڵۆزیی و ڕەوشێکی نائاسایش و نائارامیی و دەستێوەردانی ڕۆژانەیان لە کاروباری ئێراندا زیاتر دەبوو و بریتانییەکانیش لە ناوچە داگیرکراوەکانیاندا بە تەواوەتی لە کاروباری ناوخۆیی و کارگێڕیی و دامەزراوە حکومییەکاندا دەستێوەردانیان دەکرد. . لە 17ی ئەیلولی 1941 هێزەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت تارانیان داگیرکرد و دەستیانگرت بەسەر سەرجەم دامەزراوەکانی سوپا، ڕێگا و هێڵی ئاسنین ، ئەمە جگەلەوەی داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەم دوو زلهێزەوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی بوو لە ناوچەکە، کە گرنگترین ئەنجامەکانی خۆی دەبینییەوە لە: ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕەزا شا، هەڵوەشانەوەی لەشکری شاهەنشاهی، وێڕای دەستپێکردنەوەی ژیانی ڕێکخراوەیی و ململانێی پارتە سیاسییەکان و بوژانەوەی چالاکییە نەتەوەییەکانی گەلانی نافارس لە ئێراندا، کە هەوڵی توانەوەیان درابوو لە بۆتەی نەتەوەی فارسدا (Wilber, 1975: 172).

لێرە بە دواوە قۆناغی هەماهەنگی و هاریکاریی بریتانی - سۆڤیێتی وردە وردە ملینا بۆ پێکدادانی بەرژەوەندییەکان و ناوچەی هەژموون و هەوڵدان بۆ دەستڕیشتوویی لە بڕیاردانی سیاسی و ناوەندی دەسەڵاتدارییەکان. هەریەك لەو دوو وڵاتە بەشێوەیەکی نیمچە ئاشکرا کەوتنە ململانێ و دژایەتی یەکدی لە ئێراندا. لە ڕاستیدا ئەو ململانێیە لە قۆناغی دواتر بە ڕوونی کاریگەر بوو لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ئێران و ترسی هەر یەکەیان لە زاڵبوونی باڵادەستیی ئەوی دیکەیان بەسەر ئێرانەوە. لەو نێوەندەدا ئەوەی بووە قوربانی ئەو داگیرکاریی و ململانێیە، خەڵك و خاکی ئێران بوو.

## ئەنجام


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- پێش جەنگی دووەمی جیهانی ململانێ و ناکۆکی توند لەسەر بەرژەوەندیی و پێگەی سیاسی و جوگرافی و ئابووریی ئێران لە نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێتدا ئاڵۆزتر بوو، بەڵام ئاڕاستەی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا لە بەرەکانی جەنگ، بە شێوەیەکی کاتیی نزیکبوونەوەی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێتی لەسەر بەرژەوەندییەکانیانی لە ئێراندا لێکەوتەوە.

- نزیکبوونەوەی دیپلۆماسییانەی بریتانی-سۆڤیێتی و زیادبوونی مەترسی چالاکیی و پرۆسەی هەواڵگریی ئەڵمانی و کردنەوەی بەرەی شەڕی سۆڤیێتی و ترسی بریتانیا لە کێڵگە نەوتییەکان لە باشووری ئێران و کەنداوی فارسی و ڕێگرتن لە هەرەسی یەکێتیی سۆڤێت لە بەرانبەر ئەڵمانیا و گەیاندنی هاوکاری سەربازیی لە ڕێگەی ئێرانەوە بە یەکێتی سۆڤیێت، وای کرد هەردوو وڵاتی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت زنجیرەیەك هۆشداری بدەنە ئێران سەبارەت بە سفرکردنەوەی چالاکیی و بەرژەوەندیی و پەیوەندیی ئێران و وڵاتانی بەرەی ناوەند لە سەروو هەموویانەوە ئەڵمانیا، وایکرد بیر لە ڕێگەچارەی پرۆسەی سەربازیی دژی ئێران بکەنەوە.

- پشتگوێخستنی هۆشدارییەکانی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیێت، بە کرداریی پەلاماردانی ئێران لە باکوورەوە لە لایەن سوپای یەکێتی سۆڤیێت و لە باشوورەوە لە لایەن هێزەکانی بریتانیای بەدوادا هات. پرۆسەی داگیرکردنی ئێران ڕێککەوتنێکی کاتی بریتانی سۆڤیێتی بوو لەسەر بەرژەوەندیی و هەژموونیان لە ئێران. هەر لە میانەی هێرشەکە و پاش داگیرکاریش دەستپێکردنەوەی ململانێی دیپلۆماسی و سەربازیی هەردوو زلهێزی لێکەوتەوە، بەڵام لەبەر هەستیاریی بارودۆخی جەنگ، ئەو ململانێیە بە نهێنی مایەوە. ئەم داگیرکارییە لێکەوتەی نەرێنی گەورەی لەسەر ئێران هەبوو، بەتایبەت لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری.


**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بەڵگەنامە بڵاوکراوکان**

-Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 378, 4 Junel 1941.E2852/1682/34- F.O. 371/27199.

- Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 160, 26 May 1942.E3655/34- F.O. 371/31443.

-Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 397, 1 July 1941.E3659/42/34. F.O. 371/27150.

- Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 581, 21 August 1944.E4927/42/34. F.O. 371/27152.

- Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 581, 21 August 1941.E4927/42/34. F.O. 371/27152.

- Sir R. Bullard to Mr. Eden, NO: 634, 1 September 1941.E5241/42/3326/34- F.O. 371/27209.

-Mr. Eden to Sir R. Bullard, NO: 585, 28 August 1941.E5114/42/3326/34- F.O. 371/27208.

-Mr. Eden to Sir R. Bullard, NO: 612, 2 September 1941.E5249/42/3326/34- F.O. 371/27209.

-Mr. Eden to Sir R. Bullard, NO: 626, 4 September 1941.E5320/3326/34- F.O. 371/27210.

**دووەم: کتێبەکان**

**ئەلیف: بە زمانی فارسی**

- احمدی، محمد طاهر، 1384، روابط ایران و شوروی در دوره رضا شاه، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران.

- استوارت، ریچارد. ا، 1370، در اخرین روزهای رضا شاه (تهاجم روس و انگلیس به ایران در شهریور 1320)، ت: کاوه بیات، و عبدالرضا هوشنگ مهدوی، چاپ سوم، انتشارات معین، تهران.

- اصفهانی، رضا مختاری، 1400، پهلوی اول ( از کودتا تا سقوط)، چاپ سوم، نشر کتاب پارسه، تهران،.

- الهی، همایون، 1365، اهمیت استراتیژیك ایران در جنگ جهانی دوم، چاپ دوم، مرکز نشر دانشگاهی، بی جا.

- امینی، علیرضا، 1382، تاریخ روابط خارجی ایران از قاجاریه تا سقوط رضا شاه، نشر خط سوم، تهران.

- انصاری، تورج، 1380، تاج الملوك، انتشارات به افرین، تهران.

- ایوانف، م. س.، 1356، تاریخ نوین ایران، ت: حسین قائم پناه، بی جا.

- بهنود، مسعود، 1374، دولت های ایران، انتشارات فرهنگ و ارشاد، تهران.

- بولارد، سر ریدر، 1363، شتر ها باید بروند، ت: حسین ابوترابیان، چاپ دوم، نشر نو، تهران.

- پهلوان، کیوان، 1383، رضا شاه ( از الاشتر تا الاشت) نیای لر رضا شاه، چاپ چهارم، انتشارات الون، تهران.

- پیرنیا، فاطمه، 1379، روابط سیاسی و اقتصادی ایران و المان بین دو جنگ جهانی، مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران.

- پیمائی، نادر، 2011، رضا شاه از الاشت تا ژوهانسبورگ، کالیفورنیا.

- خسروداد، ملیحه، 1380، خاطرات ملکه پهلوی، چاپ دوم، نشر بەافرین، تهران،

- ذوقی ایرج، 1368، ایران و قدرت های بزرگ در جنگ جهانی دوم، چاپ دوم، انتشارات پاژنگ، تهران.

- رایت، سر دنیس، 1357، انگلیسیان در ایران، ت: غلامحسین صدری افشار، نشر دنیا، تهران.

- سپهر، احمد علی، بی تا، ایران در جنگ جهانی دوم، انتشارات دانشگاه ملی ایران، تهران.

- سجادی، علی، 1401، اشغال ایران در تابستان 1320، بر اساس مکاتبات دیپلماتیك ایالات متحده امریکا، انتشارات پرشین داچ نتورك.

- طلوعی، محمود، 1371، داستان انقلاب، چاپ سوم، نشر علم، تهران.

- طلوعی، محمود، 1372، پدر و پسر: نشر علم، تهران.

- طلوعی، محمود، 1378، صد سال، صد چهره، نشر علم، تهران.

- طلوعی، محمود، 1380، دو قرن نیرنگ (داستان تلخ سیاست استعماری انگلیس در ایران، چاپ دوم، نشر علم، تهران.

- طلوعی، محود، 1374 بازیگران عصر پهلوی (از فروغی تا فرودست)، نشر علم، تهران.

- عاقلی، باقر، 1379، روزشمار تاریخ ایران (از مشروطه تا انقلاب اسلامی)، جلد اول، چاپ پنجم، نشر گفتار، تهران.

- عیساوی، چارلز، 1369، تاریخ اقتصادی ایران، ت: یعقوب اژند، نشر گسترده، تهران.

- کسروی، احمد، 1376، تاریخ هیجده ساله اذربایجان، چاپ یازدهم، انتشارات امیر کبیر، تهران.

- محمود، محمود، 1345، تاریخ روابط سیاسی ایران و انگلستان، ج8، نشر اقبال، تهران.

- مدنی، سید جلال الدین، 1387، تاریخ سیاسی معاصر ایران، جلد اول، چاپ پانزدهم، دفتر انتشارات اسلامی، قم.

- مرکز پژوهش و اسناد ریاست جمهوری: اسنادی از اشغال ایران در جنگ جهانی دوم، 1389، جلد اول، خانه کتاب، تهران.

- معتضد، خسرو، 1377، تنش بزرگ (روابط خارجی ایران در دوران رضاشاه 1300-1320)، نشر پیکان، تهران.

- معتضد، خسرو، 1379، تاریخ پنجاه و هفت ساله ایران در عصر پهلوی، انتشارات علمی، تهران.

- ملك زاده، مهدی، 1329، تاریخ انقلاب مشروطیت، جلد 2، انتشارات ابن سینا، تهران.

- مهدوی، عبدالرضا هوشنگ، 1364، تاریخ سیاست خارجی ایران ( از ابتدای دوره صفویه تا پایان جنگ جهامی دوم 1500-1945)، چاپ سوم، انتشارات امیر کبیر، ، تهران.

- نجفی، ناصر، 1370، حوادث تاریخی ایران ( از شهریور 1320 تا 28 مرداد 1332)، انتشارات کلینی، تهران.

- نوایی، عبدالحسین و سلطانی، محمد علی، 1381، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، جلد اول، نشر سها، چاپ سوم، تهران.

- نیازمند، رضا، 1387، رضا شاه (از تولد تا سقوط)، چاپ ششم، انتشارات قلم نوین، تهران.

- نیکیتین، موسیو ب، 1356، خاطرات و سفرنامه، ت، علیمحمد فرهوشی، چاپ دوم، نشر معرفت، تهران.

- ولایتی، علی اکبر و دیگران، 1364، مقولاتی در سیاست خارجی، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، تهران.

- یزدی، منوچهر، 1392، رضا شاه – مردی که باید از نو شناخت، بی جا.

**باء: بە زمانی عەرەبی**

- سلمان، عبدالهادی کریم، 1986، ایران فی سنوات حرب العالمیة الثانیة، مرکز دراسات الخلیج العربی بجامعة البصرة، البصرة.

**جیم: بە زمانی ئینگلیزی**

-Abrahamian, Ervand, 1982, Iran Between Two Revolutions, Princeton University Press,NewJersey.

- Abrahamian, Ervand, 2008, A History of Modern Iran, Cambridge university press, Newyork.

-Bradford G. Martin, 1959, German-persian diplomatic relations since 1873-1914, Mouton publisher, Gravenhage.

-Bullard, Sir Reader, 1981, Britain and The Middle East; From the Earliest Time to1963, 3rd Edition.

-Churchil, Winston S, 1955, the Second World War; the Grand Alliance.

-Churchill, Winston S, 1950, The Second World War- The grand Alliance-, Vol 3, the Riverside Press Cambridge.

-Fawcett, Louise, 1992, Iran and the cold war: the Azerbaijan crisis of 1946, Cambridge University Press, NewYork.

-Field, Marshal Sir William Slim, 1959, Unofficial History, 2nd Edition, Cassel Compan, London, 1959.

-Joseph, M. Upton, 1970, A History of Modern Iran an Interpretation, fifth Printing, Cambridge University Press.

-Lenczowski George, 1956, The Middle East in World Affairs, second Edition, Cornell University Press, NeYork.

-United States: Department of State, Documents on German Foreign Policy 1918-1945, Vol XIII, The war years 1941 (Washington D.C , U.S. Government Printing Office 1964).

- Wilber, Donald, 1975, Riza Shah Pahlavi 1878-1944; Ressurection and Reconstruction of Iran, Exposetion Press, NewYork.

**سێیەم: گۆڤار**

- سرافرازی، عباس، 1403، بررسی مواضع قدرت های خارجی (روسیه و انگلیس، در مواجه با جنبش مشروطه ایران و اندیشه مشروطه‌خواهی افغانستان، پژوهش های تاریخی ایران و اسلامی، بهار و تابستان 1403، دوره (18)، شماره( 34).

- فولادی، داراب، 1394، بررسی مقایسه‌ای نقش روسیه و انگلستان در دو جنبش اجتماعی معاصر ایران: جنبش تنباکو و جنبش شروطیت، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال یازدهم، شماره سی، بهار 1394.

**چوارەم: رۆژنامە**

اطلاعات، سەشنبە، سال یانزدهم، شماره 3413، 18 شهریور 1320

اطلاعات، پنجشنبه، سال هفدهم، شماره 992، 19 شهریور 1320.

اطلاعات، دوشنبه، سال پانزدهم، شماره 4458، 3 شهریور 1320.

## Iran in the conflict of interests of Britain and the Soviet Union

## (The attack of August 25, 1941, for example)

**Abstruct**

From the beginning of World War II, Iran had an important position for the Great Powers. Especially Britain and later the Soviet Union viewed Germany's activities in Iran as a serious threat to their interests and warned of their expulsion, but this went unanswered, leading to military attacks on Iran, Britain in the south and the Soviet Union in the north. With the expected attack, Iran fell under the domination of the occupation of the Great Powers and temporarily the two powers put aside their conflicts and brought together the interests and elimination of the threat of the Germans. But with the attack, Iran became the focus of the first Cold War conflict, which had secretly resumed immediately after the invasion. Analytical descriptive method is followed in this paper. The research consists of three topics: the first topic focuses on the struggle for British-Russian (Soviet) hegemony in Iran until 1941, the second topic emphasizes the motives and reasons behind the conflict of British and Soviet interests in Iran before the August 1941 invasion In the face of the occupation attack by British and Soviet forces on August 25, 1941 and the consequences of that attack.

**Keywords: Iran, Britain, Soviet Union, Conflict of Powers in Iran, Occupation of Iran September 1941.**

# إيران في صراع مصالح بريطانيا والاتحاد السوفيتي

# (هجوم 25 أغسطس/آب 1941، على سبيل المثال)

**ملخص**

منذ بداية الحرب العالمية الثانية، حظيت إيران بمكانة مهمة لدى القوى العظمى. فقد اعتبرت بريطانيا، ثم الاتحاد السوفيتي لاحقاً أنشطة ألمانيا في إيران تهديداً خطيراً لمصالحهما، وطالبتاها بطرد ألمانيا، لكن هذا لم يُجدِ نفعاً مما أدى إلى حدوث هجمات عسكرية على إيران من قبل بريطانيا في الجنوب، والاتحاد السوفيتي في الشمال. نتيجة لهذا الهجوم، وقعت إيران تحت سيطرة احتلال القوى العظمى، ووضعت القوتان صراعاتهما جانباً بشكل مؤقت، وجمعتا مصالحهما، وقضيتا على التهديد الألماني. وبعد هذا الهجوم، أصبحت إيران محور صراع الحرب الباردة الأولى، الذي بدأ سراً فور الغزو. يتبع هذا البحث المنهج الوصفي التحليلي. ويتكون من ثلاثة مباحث: يركز المبحث الأول حول الصراع على الهيمنة البريطانية الروسية (السوفيتية) في إيران حتى عام 1941، اما المبحث الثاني فيؤكد على الدوافع والأسباب وراء صراع المصالح البريطانية والسوفيتية في إيران قبل الغزو الاحتلالي في أغسطس عام 1941 والنتائج المترتبة على ذلك الهجوم.

**الكلمات المفتاحية: إيران، بريطانيا، الاتحاد السوفيتي، صراع القوى الكبرى في إيران، احتلال إيران في سبتمبر 1941.**

sjh@univsul.edu.iq